www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 7-2-2006 21:07

## دانیمارک ئیهانەی کرد، مسوڵمانانیش هەڵەیان کرد. . . سۆران عومەر

"پێویستە ساویلکەیی مسوڵمانان هێندە سۆزدارانە سودی خراپی لێ نەبینرێت بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی عەرەب"
"با لە خۆشمانەوە بە فیتی سەرانی بێسومعەی عەرەب هەڵنەقونینەوە چونکە سیادەیان لە ژێپێمانایە با دەرنەپەڕنە دەرەوە"
"وڵاتانی عەرەبی ئەگەردڵسۆزی پێغەمبەری خوان ئەوە شوێنی بەرنامەکەی بکەون نەك نەستەلەی دانیماکی نەخۆن و زانایانی ئیسلام و چەندین مسوڵمان لەزیندان توند بکەن!!"
لە 2005/9/20 دا "راسموسنی" سەرۆك وەزیرانی حکومەتی دانیمارك (کە لە حیزبی راسترەوی رەگەزپەرستە) کۆبوونەوەی کرد لەگەڵ نوێنەری چەند مزگەوت و کۆمەڵەو بنکەیەکی ئیسلامی لە "کۆپنهاگن"ی پایتەخت، کۆبوونەوەکە بۆ ئەوە بوو کە ئەو نوێنەرانەش بە رۆڵی خۆیان هەستن ونەهێڵن گەنجی موسوڵمان روو لە توندوتیژی بکات، نوێنەرەکان لە نێو باس و قسەکانیاندا بە سەرۆك وەزیرانیان ووت کە زۆر جار ئەو رەسم و بابەتانەی لە میدیاکانی دانماركدا بە شێوەیەکی ئیستیفزازی دژ بە ئیسلام و موسوڵمانان بلاو دەبنەوە هۆکاری سەرەکین بۆ رق هەستانی موسوڵمانان و بلاو بونەوەی گیانی توندوتیژی لە ناویاندا. . دوای ئەو کۆبوونەوەیە رۆژنامەی یۆلاند پۆستنی دانیمارکی کە سەر بە دیندارەکانی دانیمارکە داوای لە وێنەکێشانی کاریکاتێر کرد کە هەریەکە بە چەند رەسمێکی کاریکاتێری خۆی بەشداری موسابەقەیەك بکات دوای 10 رۆژ لە کۆبوونەوەی موسوڵمانان و سەرۆك حکومەت رۆژنامەکە 12 رەسمی بڵاوکردەوەکە لە پێشبڕکێکەدا دەرچوون! ئەم مەسەلە دوای ماوەیەکی زۆرو بەناداری وروژێنراو کرا بەهەرایەکی گەورە، لەکاتێك دا ئەو وێنانە وێنەی کاریکاتێرین و کەس ناتوانێت بیسەلمێنێت کە ئەوانە وێنەی پێغەمبەری خوان، ئەبێت ئەو راستیە رون بێت لای مسوڵمانان کە لەووی شەرعیەوە جائیز نیە بەو وێنانە بوترێت وێنەی پێغەمبەری خوایەو ئیهانەی پێکراوە!!
بەڵام بەداخەوە سادەیی مسوڵمانان وایکردووەو مەسەلەیەکی سیاسی کە بەرژەوەندی وڵاتێکی عەرەبی تیا بەرجەستە بووە و بۆ کڕینەوەی سومعەی خۆی لای مسوڵمانان ئەم مەسەلەی قۆستۆتەوەو گەورەی کردووەو بازگانیەکی سیاسیە بۆی ئەو وڵاتەش (میرنشینی سعود) ە، ئەگەر نا وروژاندن و گەورەکردنی چەند وێنەیەکی کاریکاتێری کە ویستراوە سۆزی عەشوائی مسوڵمانانی پێ ئیهانە بکرێت هێندە جیچی بایەخ و ناوهێنان نیە بەپێچەوانەوە دەبوو جەخت لە سەر ئەوەبکرێیێت کە ئەو وێنانە لە دورو نزیکەوە پەیوەندی بە پێغەمبەری خواوە نیەو کەس ناتوانێت بە جوانی بێت یان بۆناشیین کردن بڵێت ئەوە وێنەیاخود رەمزی پێغەمبەری خوایە - سەلات و سەلامی لەسەر بێ‌ت -
وڵاتانێکی عەرەبی کە سیادەو هەیمەنەیان کەوتۆتە ژێپێی گەلەکانیانەوە دەیانەوێت بە وروژاندنی زەرەرمەندانەی مسوڵمانان وای نیشان بدەن کە خاوەنی هەڵوێستن دژبەو سوکایەتیانەی کە بەرامبەر ئیسلام دەکرێت، لەکاتێك دا ئەم کێشەی کە دوای چەندین مانگ زیندوو کراوەتەوەو دەهەژێنێت کێشەی ئابوروی سیاسی نێوان سعودیەو ئەمیکاو دانیمارکەو ویستراو تیایدا فشار خستنە سەر دانیمارکە بە ئابووری و هەرەشەی مسوڵمانان

كە گوایە بەوجۆرە ئیهانانە دەست دەدەنە كاری توندوتیژی ، هەوەك بینرا كەنیسەكانی عێراق تیایدا كەوتنە بە هێرشی تەقاندنەوە، لەلایەكی ترەوە هەمیشە سود دەبینرێت لە سۆزی هەرەمەكی مسولْمانان بۆ هەر رِوداوێكی لەوجۆرە بیانەوێَت زۆر بارودۆخ ئالْوز دەكەن لەخودی مسولْمانان بەدەستی خۆیان، سادەیی مسولْمانانیش رِێگایەكی ئاسانە بۆ ئەو كارانە، هەوەك چۆن زۆێك لە ناوەندو لایەن و كەنالْ

و خەلْك وروژان بێئەوەی بزانن ناویرۆژنامەكە چیەو تەنانەت ناشزانن ئیهانەكەچۆنە، ئەمە رِاكێشانی مسولْمانانە بۆئەو جەنگە دۆرِاوانەی كە هەر ئەزشمان بۆی نیەو دەخزێنرێینە ناوی!! پێویستە هۆشیاری مسولْمانان لەوە زۆرت بێت كە چەند وێنەیەكی سادەو بێ بەها كە دورە لە وێناكردن و نیشانەكردنی پێغەمبەری خوا بە قسەی وێنەكێشێك كە لەوێنەیەك بنوسێت (محمد) وابزانین تەواوە ئەوە پێغەمبەی خوایە، ئەمە نادوستەو لەرِوی شەعیشەوە ئەو شتە ناچەسپێت تا مسولْمانان وەری بگرن باوەرِی پێ بكەن و بۆ شتێكی واكەم بایەخ هەموو جیهانی بۆ بوروژێنن، لەكاتێك دا ئەمە دەستی وڵاتێكی عەرەبی و زلهێزێكی لە پشتەوەیە بۆزیارتر تۆمەتباكردنی كردەوەی مسولْمانان و لە بیربردنەوەی ئەسلْی مەسەلە لایان، ئەگەر نا لەكودستاندا زۆلەو وێنانە خراپتر بلاوكراوەتەوە نوسراویشەو كەسیش دەنگی لێ نەهاتووە!! وەك كتێبەكانی (قسەگەلێكی رِەخنەگرانەو چۆن گەیشتمەلای خواو لەوەڵامی ورِێنەكاندا□. و زۆری تر كە هەموویانم لە كتێبێك دا كۆكردۆتەوە بۆ ئایندەیەكی نزیك.

وڵاتانی عەرەبی لە بەرامبەر ئیسرائیل و ئەمریكادا چۆكیان شكاوەو بونەتە كرێگرتەو سەروەریان لەبەین چووە دەیانەوێت بە دژایەتی كاریكاتێر خۆیان بسەپێننەوە بەسەر ئیسلام دا گوایە زۆرخەمخۆرو لایەنگری ئیسلامن لەكاتێك دا گرنگتر لەوەی كە بە ئیهانەی دادەرنێن بۆپێغەمبەری خوا خودی خۆیان بەرامبەر خواو پێغەمەبەر ئەنجامیان داوەوكەس بۆی نەبووە نوسراوێكیش بلاوبكاتەوە لەسەری، ئەو وڵاتانەی كە سەفیرەكانیان كشانۆتەوە لە دانیمارك و شت و مەكی دانیماركی ناكرِن هەلْوێستێكە پەیوەندی بە بەرگركردن لە ئیسلامەوە نیە چونكە ئەوان خۆیان بە سەرمایەو وڵات و دەسەڵاتیان نەیارانی ئیسلامیان رِاگرتووەو پێشی كەوتوون، بەڵام زۆركات بەم جۆرە كارانە كە موسلْمانی ساویلكەی پێدەخەنە سەنگەری خۆیان وانیشانی دەدەن هەر ئەوانن داكۆكی لەپیرۆزیەكانی مسولْمانان دەكەن ، هەر ئەو وڵاتانەیە دەسەڵاتی خوایان داگیركردوەو پەیامەكەی پێغەمبەریان كۆلْ لێداوەو خەریكی پشتاو پشتی داگیركاری دەسەڵات و چەوساندنەوەی میلەتەكانیانن!! هەق وایە ئەوان داوای لێبوردن لە مسولْمانان بكەن بەوەی دژبە ئیسلام كردویانەو بەردەوامن لەسەری، دانیمارك هەرچیبێت وڵاتێكی سەلیبیەو بەڵام وڵاتانی عەرەبی بەم كردەوانە دەیانەوێت رِوپۆشی تاوانەكانیان دژ بە ئیسلام بكەن!! بلاوكردنەوەی ئەم وێنانەش بۆئەوەیە كە مسولْمانان بێئاگایانە شتێك ئیدانە نەكەن كە نەیان بینیوەو نازانن چیە!! من لە كۆتایدا دەلْێم ئەمانە وێنەی پێغەمبەریخوا نین و نابێت بیكەین بە پێغەمبەر سەلات و سەلامی خوای لە سەربێت وە تاوانبارە ئەو كەسەی بلْێت ئیهانە بە وێنەی پێغەمبەری ئیسلام كراوە چونكە ئەوە وێ، ەی پێغەمبەر نیە!! توشی هەلْە نەبین.

با لە خۆشمانەوە بە فیتی وڵاتە عەرەبیەكان هەلْنەقونینەوە چونكە سیادەیان لە ژێپێمانایە با دەرنەپەرِنە دەرەوە لەم مەسەلەدا. وڵاتانی عەرەبی ئەگەردلْسۆزی

پێغەمبەری خوان ئەوە شوێنی بەرنامەکەی بکەون نەك نەستەلەی دانیماکی نەخۆن و زانایانی ئیسلام و چەندین مسوڵمان لەزیندان توند بکەن!!

rahand@soranomar. com

تێبینی کوردستان نێت:

نووسەری ئەم بابەتە، لەگەڵ ئەم بابەتەدا ئەو وێنانەی کە لە ڕۆژنامە دانیمارکییەکەدا بڵاوکرابۆوە و بووە هۆی ئەو هەموو کێشە و هەرا و بەزمە، دانابوو، بەڵام ئێمە لامان برد و وێنەکانمان بڵاو نەکردەوە.